ترەمپ: لە جەنگی دژی ئێران پشتمان بە هاوکاریی هیچ وڵاتێک نییە



سەرۆکی ئەمریکا، جەختی لەوە کردەوە کە، واشنتن بە بەردەوامبردنی ئەم جەنگە و پاراستنی گەرووی هورمز، پشتی بە هاوکاریی هاوپەیمانێتیی ناتۆ و هیچ وڵاتێکی دیکە نییە. گوتیشی: ئێران بە دووبارە بونیاتنانەوەی خەی پشتی بە 10 ساڵ دەبەت.

سەشەممە، 17ـی ئاداری 2026، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە کۆشکی سپی، قسەی بە ڕۆژنامەنووسان کرد و گوتی: هێزەکانی ئەمریکا توانیویانە سوپا، هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی ئێران بە تەواوی لە نێو ببەن، بۆ ئەم ئەرکەش پشتمان بە هیچ وڵاتێک یان هاوپەیمانێتییەک نەبەستووە.

ترەمپ ئاماژەی بە قەبارەی زیانەکانی ئێران کرد و گوتی: سەرکردە سەربازییەکانی ئێرانمان لە سەرجەم ئاستەکاندا کردووەتە ئامانج و لێناومان بردوون، هەورەها لە ئێپڕاسیۆنی دۆنەدا یەکێک لە گرنگترین سەرکردەکانی ئێران کوژرا.

سەبارەت بە ژێرخانی ئابووری و وزەی ئێران، ترەمپ هەشداریی دا کە دەتوانن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا

وەستگەکانی کارەبای ئێران خاپوور بکەن و گوتیشی: "ئەمە دەتوانین ژێرخانی وزەی دوورگەی خارک لەناو ببەین، بەڵام تا ئێستا ئەو کارەمان نەکردووە. ئێستا ئێران هیچ شتێکی بەدەستەوە نەماوە و ناتوانێت هیچ کاردانەوەیەک نیشان بدات، ئەگەر هەر ئەمڕۆش جەنگ کۆتایی پێ بهێنین، ئێران پێویستی بە 10 ساڵ بۆ ئەوەی دووبارە خۆی بنیات بنێتەوە."

بە گوتەی ترەمپ، ئەمریکا لە ئایەندەیەکی زۆر نزیکدا کۆتایی بە جەنگەکە دەهێنێت، بەڵام ئێستا ئامادە نین بکشێنەوە، ئاماژەی بەوەش دا، کە لەم جەنگەدا واشنتن پشتیوانییەکی فراوانی وەاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستهێناوە و هیوای خواست سەرکردایەتیی داهاتووی ئێران کەسانی لێهاتوو بن و وەاتەکە بەرەو خۆشگوزەرانی ببەن.

بەشێکی زۆری لێدوانەکانی ترەمپ تەرخان کرابوو بۆ هەڕشکردنە سەر ناتۆ، وەاتانی وەک ژاپۆن، ئوسترالیا و کۆریای باشوور. هاوکات رایگەیاند: کە ئەمریکا چیدی پێویستی بە هاوکاریی هیچ کام لەو وەاتانە نییە بۆ پاراستنی ئاسایشی گەروەی هورمز یان بەڕێوەبردنی جەنگەکان.

ترەمپ گوتی: "زۆربەی هاوپەیمانانی ناتۆ پێیان راگەیاندووین کە نایانەوێت دەستتێوەردان لە جەنگی دژی ئێران بکەن. ئەوان پەیمان دەدەن 'ئەوەی ئەو دەیکەن زۆر نایابە، بەڵام ئەمە یارمەتیتان نادەین'. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان هاوڕەیمان لەسەر ئەو هەنگاوانەی بەرامبەر ئێران گرتوومانتە بەر."

سەرکەی ئەمریکا بەیارەکەی ناتۆی بە "هەڵەیەکی کوشندە" وەسف کرد و نیگەرانیی قووڵی خۆی دەربڕی لەوەی کە ئەمریکا ترلیۆنان دۆلاری بۆ ناتۆ خەرج کردووە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون یارمەتیی واشنتن بدەن.

لە پەراوێزی قسەکانیدا بۆ سەلماندنی ڕەگی سەرکیی وەاتەکەی، ترەمپ باسی لە قەیرانی ئەکرانیا کرد و گوتی: "ئەگەر یارمەتیی ئەکرانیامان نەدایە، ئەو وەاتە لە یەک ڕۆژدا کۆتایی دەهات. ئەو باشترین کەرەستە سەربازییانەی هەیانبوو، هەمووی لە لایەن ئەمریکاوە بیان نەردرابوو."

سەبارەت بە دەستەکارکەشانەوەی بەڕێوەبەری ناوەندیی نیشتمانیی دژەتیرۆری ئەمریکا، ترەمپ بۆ کەمکردنەوەی پگەی ئەو بڕپرسە وەڵامی دایەوە و گوتی: "نووسراوی دەستەکارکەشانەوەکەیم خوێندەوە. هەمیشە گوتووەم ئەو کەسەکی باش، بەڵام لە ڕووی ئەمنییەوە کەسەکی زۆر لاواز و بێتوانا بوو، بۆیە

شتێکی باش کە دەستی لێکار کشاوەتەوە."

ترەمپ دووپاتی کردەوە، کە شوێنی ئەو کەسانە لە حکوومەتەکێیدا نابێتەوە کە پێیان وایە ئێران هەڕەشە نییە، و گوتی: "ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر تەواوی جیهان و هەموو وڵاتێکیش ئەو راستییە دەزانێت."

هەروەها بەرگریی لە بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتننامەی ئێتەمیی ساڵی 2015 کرد و رایگەیاند، ئێگەر ئەو لێو ڕێککەوتنە نێکشابایەو، ئەوا چوار ساڵ لەمەوبەر جەنگێکی وێرانکەری ئێتەمی هەدەگیرسا.

پێچەوانەی گرژییەکانی لێگەڵ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان، ترەمپ باسی لە بڕەوپێشچوونی پێیوەندییەکانی لێگەڵ پێکین کرد و ئاشکرای کرد: "ئێستا پێیوەندییەکی زۆر باشمان لێگەڵ چین هەیە، بۆ تایبەتی لە ڕووی ئابووریەوە، چین زۆر جیاوازە لە رابردوو، پێیوەندییەکی کاریی زۆر باشمان لێگەڵ وڵاتێکە هەیە و بڕیارە دوای پێنج بۆ شەش هەفتەی دیکە، لوتکەیەک لە نێوان من و سەرۆک شی جینگ پینگ بەستەوە بچێت."